پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: «السلام علیکم، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: «دە»

لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: «السلام علیکم، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دە»، پاشان پیاوێکی تر هات ووتی: «السلام علیکم ورحمة الله»، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بیست»، پاشان پیاوێکی تر هات ووتی: «السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته»، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سی».

[حەسەن - باش)] [رواه أبو داود والترمذي وأحمد والدارمي]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: (السلام علیکم)، ئەویش وەڵامی دایەوە وپاشان هات دانیشت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-فەرمووی: دە چاکەی بۆ نووسرا، پاشان پیاوێکی تر هات ووتی: (السلام علیکم ورحمة الله)، ئەویش وەڵامی دایەوە وپیاوەکە دانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بیست چاکەی بۆ نووسرا، پاشان پیاوێکی تر هات ووتی: (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته)، ئەویش وەڵامی دایەوە ودانیشت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سی چاکەی بۆ نووسرا؛ واتا بەرامبەر هەر دەستەواژەیەك دە چاکەی بۆ دەنووسرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3587